وەزارەتی دارایی جەختی لە خواستی عێراق کردەوە بۆ سود وەرگرتن لە شارەزایی کەمپانیا فەرەنسییەکان



ئەمە چوارشەممە، وەزیری دارایی تایف سامیی،جەختی لە خواستی حکومەتی عێراقی کردەوە بۆ سوودمەندبوون لە شارەزایی کەمپانیا فەرەنسییەکان.

لە ڕاگەیەندراوەکدا لە وەزارەتی داراییدا هاتووە، ”وەزیری دارایی، تایف سامی، پێشوازی لە پاتریك دورێل باڵیۆزی فەرەنسا لە بەغدا و بەڕێوەبەری ئاژانسی پەرەپێدانی فەرەنسا، سەرج سەنریس و لە سەرۆکایەتی کەبوونەوەکە، وەزیر پیرۆزبایی لە باڵیۆز کرد بۆ بۆنەی دەستبەکاربوونی ئەرکە نوێیەکانی“.

لە ڕاگەیندراوەکە ئەوەیش هاتووە کە "بواری کانی هاوکاری نێوان عێراق و فەرەنسا تاوتوێ کرا بەتایبەتیش لە بواری کەرتی دارایی و وەبەرهێنان .

هەر بە گوتەی ڕاگەیندراوەکە وەزیری دارایی ستایشی "ئاستی هاوکاری بەرهەمدار لەگەڵ دەزگای گەشەپێدانی فەرەنسا لە زەر بواردا کرد کە لە لوتکەی ئەولەویەتکانی پلانەکانی گەشەپێدانی بەردەوامدا دێن، بەتایبەتی لە بواری بەشداریکردن لە پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی ئابووری، هاوکاری تەکنیکی، و پاڵپشتی تەکنیکی".